**وتاری شێخ ( ابو اسامه سليم بن عيد الهلالي ) خوا بیپارێزێ له مزگەوتی**
**( عباس بن عبدالمطلب ) گەرەکی طارق رێکەوتی ١١. ١١. ٢٠٠٥**

**ان الحمـد لله نحمده ونستعينه ونستغفره ، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ، وسيئات أعمالنا ، من يهده الله فلا مضل له ، ومن يضلل فلا هادي له ، واشهد أن لا اله إلا الله وحده لا شريك له ، واشهد أن محمدا عبده ورسوله .**
**{يا أيها الذين امنوا اتقوا الله حق تقاته ولا تموتن إلا وانتم مسلمون }**
**{ يا ايها الناس اتقوا ربكم الذي خلقكم من نفس واحدة وخلق منها زوجها وبث منهما رجالا كثيرا ونساء واتقوا الله الذي تساءلون به والأرحام إن الله كان عليكم رقيبا }**
**{ يـا ايهـا الـذين اتقوا الله وقولوا قولا سديدا يصلح لكم أعمالكم ويغفر لكم ذنوبكم ومن يطع الله و رسوله فقد فاز فوزاً عظـيماً }** برايانی ئیسلام خۆشەویستانم لەپێناوی خوا پەروەردگارمان تـبارك وتعالـى جل فـي عالي سماه پێغەمبەرمانی صـلى الله عليه وسلم ناردوە بە رەحمەت بۆ هەموو جیهان : **( وما ارسلناك إلا رحمة للعالمين )** وە پێغەمبەریشمان صـلى الله علـيه وسلم ئاوا هەواڵی پێداوین ئەفەرموێ " **إنما أنا رحمة مهداة** " وە خوا رەحمەتی خستە دڵیەوە : لەبەر ئەوە ئەو ئوممەتە کۆبونەوە لە سەر قسەو فەرمانی ئەو **( فبما رحمة من الله لنت لهم ولو كـنت فظا غليظ القلب لانفضوا من حولك فاعف عنهم واستغفر لهم وشاورهم في الامر فإذا عزمت فتوكل على الله إن الله يحب المتوكلين )**

ئەوە حەقیقەتی دینی ئیسلامە ، وە ئەوە پەیامی پێغەمبەری خوایە صـلى الله عليه وسلم کە گەورەی هەموو خەڵکە **عليه الصلاة وأتم السلام**

رەحمەت ناونیشانیەتی

رەحمەت ناوەرۆکیەتی

رەحمەت جەوهەرێتی

رەحمەت دروشم و پۆشاکێتی

بەڵێ .. رەحمەت ناونیشانی دینەکەمانە

وە خـوای گـەورە سـبحانه وتعالى رەحمـەتی نوسیوە لەسەر نەفسی خۆی لەبەر ئەوەش خوا سبحانه فەرمان بە بەنـدەکانی ئـەکا بـە رەحمـەت وە خـوا رەحمـەتی بەنـدەکانی کـردووە بەنیـشانەی تـەواوی رەحمـەتی خـوا پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەفەرموێ " **الراحمون يرحمهم الرحمن ارحموا من في الارض يرحمكم من في السماء** "

لەبەر ئەوە پێغەمبەرمان صلى الله عليه وسلم کەجیلی قودوەی یەکەمی دروست کرد ، وە بنیاتی باشترین سەدەی ئوسوەی کرد کۆمەڵگەی موسڵمانی لە رەحمەتیان و یەک گرتنیان و یارمەتی دانی یەکتریان بەلاشەی مرۆڤ چواند فەرموی صـلى الله عليه وسلم "**مثل المؤمنين في توادهم ، وتراحمهم ، وتعاطفهم ، كمثل الجسد إذا اشتكى منه عضو تداعى له سائر الجسد بالحمى والسهر** " .

نمونەیەکە پێغەمبەری خوا صـلى الله علـيه وسـلم باسی ئەکا بۆ ئەوەی تێگەیشتنی نزیکو ئاسان بکا نمونەی بڕواداران یان کۆمەڵگەی ئیمان وەک لاشەیەک وایە لاشەی موسڵمان .. یەک لاشەیە مرۆڤێکی تەواوو یەکسان لە لاشەیا ئەگەر یەک لە ئەندامەکانی لاشەی ژان بکا ئەوا هەموو ئەندامەکانی تری لە گەڵ ژان ئەکا و بە هەموو توانایان بەهانای دێن ئەگەر چاو ژان بکا گوێش ژان ئەکا ، وە دەستیشی لەگەڵ ژان ئەکا ، جێی ناهێڵن بە تەنیا ڕوبەڕوی ئەم ناخۆشیە بێتەوە ، وە بە تەنیا ئەم دەردە سەریە چارەسەر بکا ، وە بەتەنیا لە دەروازەیەک بگەڕێ لەو کێشەو دەردە سەریە ڕزگاری بکا ، بەڵکو هەمو لاشەی هەموو ئەندامەکانی هەموو خانەکانی لەشی ڕائەپەڕن لە پێناوی لادانی ئەم کێشەیە بچوک بێ یان گەورە ، چونکە ئەم ئێشو ئازارە زەنگی خەتەرو زەنگی شەڕە بۆ ئەم لاشەیە ئەگەر وازی لێبێنێ زیاد ئەکا کەزیادیشی کرد ئەو لاشە ئەکوژێ پەنا بەخوا سبحانه وتعالى .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەبەر ئەوە زانایانی شارەزا لەم بابەتانە ئەوانەی سەیری ئێستاو پاشەڕۆژی ئەکەن ئەوانەی بیری پاشەڕۆژی ئەکەنەوە و سەیری داهاتوی ئەم کارانە ئەکەن ئەڵێن : ئێشو ئازار دیاردەیەکی ڕاستیو تەندروستی باشە لە لاشە چونکە ئەگەر تۆ ئازار ئەکێشی هەست بە ئازارەکەی ئەکەی
ئەزانی شوێنێ هەیە پێویستی بەچاک بونەوەی زوو هەیە یەکسەر هەموو لاشەکە ڕائەپەڕێ بۆ ئەوەی ئەم شوێنە شیفای بە پەلەی بۆ بێ وە چاک بێتەوە ئەوە نمونەی کۆمەڵگەی موسڵمانانە ، کە بەلآیەک بێتە سەریان ، یان توشی فیتنەیەک ببن کۆ ئەبنەوەو یەک دەنگ ئەبن وە یارمەتی یەک ئەدەن وەک برا ئەبن لەگەڵ یەک پەیمان ئەدەن لەسەر ئەوەی یارمەتی یەک بدەن بۆ لەناو بردنی ئەو بەلآو فیتنەیە بۆ بڕینی ڕەگو ڕیشەی لە ژێرەوەی . وەدکتۆری لێهاتوو شارەزا ئەوەیە کە دەردەکە دەستنیشان بکاو قەبارەی کێشەکە بزانێ وە میکرۆبی نەخۆشیەکە بزانێ بۆ ئەوەی دیاری بکا کەچ نەخۆشیەکە .. تا چارەسەری پێشکەش بکا ، وە ڕێگای بەکار هێنانی دەرمانو چارەسەری دیار بکا . بەلآم ئەوانەی وەسفی نیشانە دەرەکیەکان ئەکەن وە کێشە ڕاستەقینەکە پشت گوێ ئەخەن ئەوانە ئەمە لەبەر دور نەبینیانەو سەیری داهاتو ناکەن یان نەزانن بە واقیعی ئەم شتە . لە بەر ئەوە ئەی برایانی ئیسلام ئەوەی هاتە سەر وڵاتەکەمان کە ئەمنو ئاسایش تێیدا بەرقەرارە لەو تەقینەوە تێکدەرو بکوژە ئەو کارە - پر بەدەمم ئەیڵێم – بۆ ئەوەی کەسێک نەیبیستوە ببیستێ ئێمە بەردەوام خەڵکی لێ ئاگادار ئەکەینەوە وە بەردەوام دژایەتی ئەکەین وە بەردەوام مونازەرەی هەڵگری ئەم بیرە ئەکەین نەک ساڵێک بێ وەنەک دە ساڵ بێ وە نەک بیست ساڵ بەڵکو زاناکانمان مونازەرەی جەماعەتە تەکفیریەکانیان کردوە لە ساڵی ١٣٩٣ ی هیجرەتی پێغەمبەری خواوە صلى الله عليه وسلم یانی پێش ٣٣ ساڵ بەڵێ ئاگادار بوینەوەو خەڵک ئاگادار ئەکەینەوە وە بەردەوامین لە ئاگادار کردنەوە لەسەر خەتەری بیری تەکفیری کە لەمناڵەکانمان نارنجۆکی دانراوە وە ئەلغامی تەقێنەرەوە دروست ئەکا کە کۆمەڵگە نازانێ کەی ئەتەقێتەوە وە بەر کێ ئەکەوێ ، زۆر کەس پێی سەیرە بۆ ئەو گەنجە کە لە بیدایەتی تەمەنیەتی بۆئەم قایشە تەقێنەرەوەیە ئەبەستێو ئەچێتە ناو خەڵکی کە لە ئاسایشو ئەمنیەت دان ، لە نێو پیرەکان ، لە نێو منالآن ، لە نێو ئافرەتان وە لەکاتی ئاهەنگەکانیان ، ئەبینی خۆی ئەتەقێنێتەوە خۆی ئەکوژێ وە دەیەها کەس لە گەڵ خۆی ئەکوژێ و سەدانیش بریندار ئەکا . من بەردەوام لە ئێوارەی چوارشەممەوە وە ئێوارەی پێنجشەممەوە موتابەعە ئەکەم و گوێ ئەگرم بەڵکو یەکێک لە سیاسیەکان و کەسانێک لە لێکۆڵەرەوەکان دەست دابنێ لەسەر ئەم نەخۆشیە پیسە بەڵکو شیفای تەواو بدۆزینەوە بۆ ئەوانەی گومڕابون و هەڵخەڵەتێنراون ، وە وا نیشانیان دراوە کە بە قەد دوسەری کەوانە یا کەمتر لە بەهەشت نزیکن.
برایانی ئیسلام ئەوانەی ئەم کارانە ئەکەن لە خۆمانن : بەزمانی ئێمە قسەئەکەن لە خۆمانن لە ڕۆڵەکانی خۆمانن ، هەڵخەڵەتێنراون دەماغیان شۆردراوە ، پڕ کراوە لەبیری پوچ و لادەر لە حەق وەڕای گومڕا.
ئەوانە کۆمەڵگە کافر ئەکەن ئوممەت کافر ئەکەن بەحاکم و مەحکومەوە ، دەوڵەت و گەلەکان ، کافریان ئەکەن بەوەی دێنە سەر ئەو ئایەتانەی کە لەکتابی خوا دابەزیوە بۆ موشریکەکان ئەوان ئەیخەنە سەر موسڵمانان ، وە لەخەتەرترین شتیان فەرمودەی خوای بەرز : ( **ومن لم يحكم بما أنزل الله فاولئك هم الكافرون** ) ئەکەن بە بەڵگە ئەڵێن : حاکمەکانی دەوڵەتە ئیسلامیەکان بە دەستوری بەریتانیا کار ئەکەن ، بەدەستوری ئەمرکا کار ئەکەن ئەوانە کافرن .. ئاوا .. بێ تێگەیشتن لەو ئایەتەو بێ بیرکردنەوە لەماناکەی .
ئەی برایانی ئیسلام ئەو ئایەتە لەسەر یەهودو گاورەکان دابەزی سێ ئایەتی سورەتی (المائدة) ( **ومن لم يحكم بما أنـزل الله فأولئك هم الكافرون** )( **ومن لم يحكم بما أنزل الله فأولئك هم الفاسقون** )( **ومن لم يحكم بما أنزل الله فأولئك هم الظالمـون** ) لەسەر یەهودو گاورەکان دابەزی ، هەروەک هاتوەلە جابری کوڕی عبدالله خەبەری پێداوین لە (صحيح مسلم).



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەو خەواریجانە وە کلکەکانیان و شوێنکەوتەکانیان خراپترینی دروستکراوەکانن لەسەردەمی محمدەوە صلى الله عليه وسلم تا ئەو کاتەی شوێنی دەججال ئەکەون .
(ابن عمر ) ئەفەرموێ : هاتون بۆ ئەو ئایەتانەی دەربارەی کافرەکان دابەزیوە ئەیخەنە سەر موسڵمانان ، وە لەبەر ئەوە (ابن عباس) حبری ئوممەت وە تەرجومانی قورئان ئەوەی کە پێغەمبەرمان ﷺ الله عليه وسلم دوعای بۆ کردوە ئەفەرموێ : "**اللهم فقه في الدين وعلمه التاويل** " هاتە سەر ئەو ئایەتە کە خەواریجەکانی دوێنێ کردیان بە بەڵگە وە خەواریجەکانی ئەمڕۆ ئەیکەنە بەڵگە وە خەواریجەکانی بەیانیش ئەیکەنە بەڵگە (ابن عباس) ڕەزای خوای لێبێ وتی : ئەوە ئەو کوفرە نیە کە ئێوە بۆی ئەچن ئەوە کوفری بچوکترە لە کوفر وەک ئەوە نیە کە کوفر بەخواو بە ڕۆژی دوایی بکەی .لەبەر ئەوە جیاوازی کرد لە بەینی کوفری گەورە کە دەرت ئەکا لە دین وەکوفری تاوان و کوفری نیعمەت کەلە گەورەترینی تاوانە گەورەکانن بەڵام موسڵمان لەدینەکەی ناباتە دەرەوە وە لە تەوحید نایباتە دەرەوە تەنها ئەگەر حەلاڵی بکا ، لە بەر ئەوە ئێمە بەردەوامین هەر ڕەدیان ئەدەینەوە ، وە بەردەوامین هەر مونازەرەیان لە گەڵ ئەکەین وە بۆیان ڕون ئەکەینەوە کە تەنیا حوکم کردن بە غەیری ئەوەی خوا دایبەزاندوە ئەو کوفرە نیە کە لەدین پێی دەرئەچی ئەو کاتە پێی لەدین دەرئەچی ئەگەر بەحەلاڵی بزانی ، وە بەحەلاڵ زانین شتێکە لە دڵایە کەس نایزانێ تەنها خوا نەبێ . لەبەر ئەوە :حوکم دان بەسەر حاکمە موسڵمانەکان وە حوکم دان بە سەر گەلانی موسڵمان بە کوفر نەفامیە بە دینی خوا بەڵکو نەفامیەکی پێچەوانەیە بە بانگەوازی محمدی کوڕی عبدالله صلى الله عليه وسلم . ئەوەیە حەقیقەت ئەی برایانی ئیسلام کە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لێی بێئاگان ، وە ڕوشن بیرەکانمان ئەیگۆڕن ، لا ئەدەن لە ڕاستی کە باسی ئەم کێشانە ئەکەن .
کەوابێ چۆن ئەم کێشەیە چارەسەر ئەکرێ ؟ چارەسەری کێشە بەوە دەبێ کە ئینکاری بکەی وە ئیدانەی بکەی .. نا. بەو ڕێگایانەو بەو شێوازانە چارەسەری کێشە ناکرێ ، کەوابێ ئەبێ ئیللا دەرگای حیوار بکرێتەوە بۆ ئەوانەی بانگەواز ئەکەن بۆ لای خوا سبحانه وتعالى تا بانگی ئەوانە بکەن کە لایان داوە لە حەق و لە ڕێگای ڕاست ، بانگیان بکەن بە بەڵگەو ڕۆشنایی بە ئایاتی خوا وە فەرمودەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر حەقیقەت ، بۆ ئەوەی خەبەریان بێتەوە لە بێئاگاییان وە ئاگادار بنەوە لە گومڕاییان .
وە نمونەکتان بۆ دێنمەوە لە سەردەمی کۆن و نمونەکیشتان بۆ دێنمەوە لەو سەردەمە .
نمونەی سەردەمی کۆن کە خەواریجەکان دەرچون لە سەر ئەمیری بڕواداران علی کوڕی ابی طالب ڕەزای خوای لێبێ ١٢ هەزار کەس دەرچون لەسەری . خەواریجەکان دەرچون لەسەر ئەمیری بڕواداران علی ڕەزای خوای لێبێ کۆبونەوە ئەیانویست شەڕی لەگەڵ بکەن ، حبری ئوممەت و تەرجومانی قورئان عبدالله کوڕی عباس هات بۆلای ، پێی وت ئیزنم بدە کە مونازەرەیان لەگەڵ بکەم چو بۆلایان مونازەرەی لە گەڵ کردن مونازەرەیەکی زۆر درێژ بەڵام سەیری نەتیجەکەی ئەکەین ٨٠٠٠ یان گەڕایەوە ٤٠٠٠ یان مانەوە !! کە علی ڕەزای خوای لێبێ و هاوەڵەکانی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم کوشتیانن لە شەڕی (النهروان) بە شێوەیەک علی ئەمیری بڕواداران ڕەزای خوای لێبێ وە هاوەڵەکانی ڕەگ و ڕیشەی خەواریجەکانیان بڕی کەسیان ڕزگاری نەبوو تەنها ٨ کەس نەبێ کە بڵاوەیان کرد لەشارەکان بیری خەواریج و دەرچونیان بڵاو کردەوە پەنا بەخوای تبارك وتعالى .
کەوابو کە ڕێگە بدرێ بە ئەهلی عیلم ئەوانەی ڕۆچوون لە تێگەیشتنی فەرمودەی خوا ، ڕۆچوون لە تێگەیشتنی فەرمودەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم ڕێگەیان بدرێ بە بانگەواز کردن ئەم بیرە لادەرانە وە ئەم بیرە گومڕایانە وە ئەم بیرانە کە مناڵەکانمان لەناو ئەبات نابینی ئەو کاتە .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەوەی ئەکوژێ لە ڕۆڵەکانمانە
ئەوەی ئەکوژرێ لە ڕۆڵەکانمانە
ئەوەی ئەکوژێ نازانێ بۆ ئەکوژێ
ئەوەی ئەگوژرێ نازانێ بۆ ئەکوژرێ

وە نمونە لەو سەردەمە : کە فیتنەی خەواریج ڕویدا لە جەزائیر وە جەماعەتە زیادڕەوەکان چونە شاخەکان ، شەڕیان دەست پێ کرد لە گەڵ کۆمەڵگەی جەزائیری موسڵمان ن لە بەینی من و ئەوان لە لایەک وە ئەو ڕۆژە بە فەزلو ڕەحمەتی خوا شەیخمان ئیمام فەقیهی ئەو سەردەمە شەیخمان محمد بن صالح العثيمين ڕەحمەتی خوای لێبێ لە گەڵم بوو ، مونازەرەمان کردن لە سەر تەلەفۆن لە سەعات ٩ی شەو تا ٣ی بەیانی ، ٤٠٠٠ چەکدار گەڕانەوە و هاتنە خوارەوە لە شاخەکان .

کەوابو ئەی برایانی ئیسلام هەر ئەبێ ئەم شتانە ڕون بکەینەوە هەر ئەبێ ئەم حەقیقەتانە ڕون بکەینەوە ئەوانە چەند گەنجێکن هەڵخەڵەتێنراون ، گەنجی وان گومڕا کراون گومڕا بون ، گەنجی وان بیرەکانیان گۆڕاوە و لایان داوە لە حەق ، بە شێوازی جۆراو جۆر ، وە ئەڵێم گەورەترین شت کە گەنجەکانمانی تێکداوە مەوقیعەکانی ئەنتەرنێتە .

چۆن تەنزیمی قاعیدە ئەگاتە کوڕەکانمان و کچەکانمان بەهۆی مەوقیعەکانی ئەنتەرنێتە ، ئەو تەنزیمە لە تۆڕی جیهانی نزیکەی ٧٥٠ مەوقیعی هەیە بانگەواز ئەکەن تیایا بۆ تەکفیر وە بانگەواز ئەکەن بۆ کوشتن و بڕین وە بانگەواز ئەکەن بۆ تەقاندنەوە بە هۆی ئەم مەوقیعانە بانگەوازی موسڵمانان ئەکەن کە موسڵمانان بکوژن بە ناوی ئەوەی ئەم موسڵمانانە هەڵگەڕاونەتەوە لە دینی خوا .

لە بەر ئەوە ئەی برایانی ئیسلام بە تەنها وتنی ئینکارو ئیدانە ئەم کێشەیە چارەسەر ناکا ، وە ئەمە شتێکی زەحمەت نیە هەموو کەس بۆی ئەکرێ قسەبکا ، ئەو قسانە زاناو نەفامیش ئەیڵێن .

زانا ئینکار ئەکا نەفامیش ئینکار ئەکا ، ئێمەش ئینکار ئەکەین و ئیدانە ئەکەین بەڵام کێشەکەمان چارەسەر کرد ؟ ئەوەیە کێشەکە ئەی برایانی ئیسلام ئێمەش بەوانە ئەڵێین بەڵکو بە خۆیانا بچنەوە .. بەڵکو ئاگادار ببنەوە .. بەڵکو خەبەریان بێتەوە گوێ بگرن لە فەرمودەی خۆشەویست مصطفى صلى الله عليه وسلم : **"لا يزال المؤمن في فسحة من دينه ما لم يصب دما حراما "**

**لا يـزال المؤمن في فسحة من دينه :** یانی بڕوادار ئومێدی هەیە پەروەردگاری لێی خۆشبێ وە ئومێدی ڕەحمەتی پەروەردگاری هەیە تا موسڵمانێک بێ هیچ هۆ وە بەبێ حەقێکی شەرعی نەکوژێ .

**"فإذا أصاب دما حراما بلح"** یانی ئیتر کردەوەی چاکی ئەپچڕێ . وە خۆشەویست صلى الله عليه وسلم ئەفەرموێ : **"أبـى الله أن يجعـل لقاتـل المـؤمن توبة "** یانی ئەوەی بڕواداران ئەکوژێ پیاوو مناڵ ئافرەت و پیر لەکاتێک کە بێئاگان و بێ حەقێکی شەرعی خوێنیان حەڵاڵ بکا ، ئەوە ئەوەی ئەم کارە بکا مۆفەق نابێ بۆ تەوبە .

وە ئەوە عاقیبەتی ئەو جەماعەتانەیە ، کۆمەڵگە کافر ئەکەن ، ئەگەر کەس نەدۆزنەوە کافری بکەن ئەوە لێک جیا ئەبنەوە لە ناو خۆیان هەندێک هەندێک کافر ئەکا ، بەڵکو هەندێک لەوانە خۆی کافر ئەکا پەنا بەخوا کەکەس نەدۆزێتەوە کافری بکا ئەو زیادە ڕەویە لە تەکفیر کردن وەک دەردێکی کوشندەیە .وەک شێرپەنجە ئەگەر لێی بێئاگا بی پەنا بەخوا سبحانە وتعالی ئەوە خاوەنەکەی ئەکوژێ وەکەم کەس هەیە ڕزگاری بێ تەنها کەسێک خوا ڕەحمی پێبکا .

برایانی ئیسلام هەر ئەبێ ئەم شتانە بۆتان ڕون بکەینەوە تا بۆ مناڵەکانتان ڕونی بکەنەوە ، تا بڵاوی بکەنەوە لەناو جیرانەکانتان ، تا ببین بەچاوی کراوە ، وەگوێی بیسەر بۆ هەر مرۆڤێک کە ئەیەوێ ئەمن و ئاسایشمان بکوژێ ، وە بۆ هەر مرۆڤێک ئەیەوێ تۆوی فیتنە لەناومان بچێنێ ، بۆ هەموو مرۆڤێک بیەوێ لە بێئاگایی ئێمە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دزه بکه ، خۆشیو ئاهەنگمان لێبکا بە خەفەت و ناخۆشی وە کۆبونەوەمان بکا بە لێک جیابونەوە **أسأل الله سبحانه وتعالى ان يهدينا سواء السبيل وأن يوفق المسلمين جميعا وان يهدي الضالين لما يحب ويرضى انه ولي ذلك و القادر عليه أقول قولي هذا واستغفر الله لكم فاستغفروه**

وتاری دووەم : **الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وآله وصحبه ومن والاه**

برایانی ئیسلام ئەو فیرقە دەرچووە ، ئەوانەن خەواریج کە ئوممەتی ئیسلام کافر ئەکەن ڕەحم ناکەن بە بڕوادار و هیچ پەیمانو وەعدێک ڕەچاو ناکەن ئەوانە خەتەرترین فیتنەن لە سەردەمی پێغەمبەری خواوە صلى الله عليه وسلم تا ئەو کاتەی شوێنی دەججال ئەکەون . هاتووە دەربارەی گەورەکەیان (ذوالخويصرة التميمي ) لەسەردەمی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم پاش غەزای (حنين) : کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم غەنیمەتی دابەش ئەکرد لەسەر ئەوانەی دڵی ڕائەگرتن لەسەر ئیسلام (المؤلفة قلوبهم ) وە وازی هێنا لە قوڕەیشیەکان و ئەنسارەکان غەنیمەتی نەدا بەوان ئەیدا بەوانەی کە (المؤلفة قلوبهم ) بون تا دڵیان ڕابکێشێ بۆ ئیسلام (ذوالخويصرة التميمي ) هات کابرایەکی قژ تێکەڵاو نیشانەی سەجدەی بە نێو چەوانی بوو وا مەزانن نوێژ ناکەن بە ڕۆژو نابن وە قورئان ناخوێنن . ئەوان بە ڕۆژو ئەبن وە شەو نوێژ ئەکەن وە قورئان ئەخوێنن بەڵام بە بیرێکی لادەر وە بە تێگەیشتنێکی پوچ و گومڕا پەنا بەخوا ئەو پیاوە (ذوالخويصرة التميمي ) وتی : ئەی محمد عەدل بە ڕەخنەی لە کێ گرت ؟ ڕەخنەی گرت لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم وتی عەدل بە ئەی محمد لەم دابەش کردنە مەبەست لەو دابەش کردنە ڕوی خوا نیە . ڕەخنە لەکێ ئەگرێ ؟ ڕەخنە لە خۆشەویست مصطفى ڕەخنە ئەگرێ لە عادل ترین دروستکراوەکانی خوا ئینجا چۆن ڕەخنە ناگرێ لەوانەی پلەو پایەیان لەو نزمترە لە حوکم و عیلم ، ئەوە ئەکا بێگومان . پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی : قوربەسەرت گەر من عەدل نەبم کێ عەدل ئەبێ من لە هەموتان زیاتر خوا ئەناسم و لە هەموتان زیاتر لێی ئەترسم ئینجا پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی : لە پشتی ئەو کابرایە لە نەوەکانی قەومێک دەرئەچن نوێژی خۆتان لەبەر چاو ئەکەوێ لە بەرامبەری نوێژی ئەوان ، وە ڕۆژی گرتنی خۆتان لەبەر چاو ئەکەوێ بەرامبەر ڕۆژی گرتنی ئەوان قورئان ئەخوێنن بەڵام لە گەرویان ناچێتە خوارێ ئەگەر بگەم بەوانە ئەیانکوژم وەک عاد ئەوانە خراپترین کوژراون لەژێر تاقی ئاسمان . (طوبى) ( شوێنێکە یا دارێکە لە بەهەشت ) بۆ ئەو کەسانەی ئەیانکوژن یا ئەی کوژن .

لەبەر ئەوەیە ئێمە وا هەست ئەکەین کەئەوانەی لەو تەقینانەوە تیاچون لەوانە بن کەخوا وەریان ئەگرێ داوا لەخوا سبحانه وتعالى ئەکەین بەڕەحمەتی خۆی دایانپۆشێ وە وەریان بگرێ لە بەهەشتەکەی وە لە هەڵەکانیان وە لەپێخزینەکانیان ببورێ .

ئەوەیە تۆوی تەکفیر ، وەبیستومە بەداخەوە .. لەهەندێک بانگەوازکاران ئەوانەی کە خەڵکێک متمانەیان پێئەکا وە ئیشارەتیان بۆ ئەکرێ لە کەناڵە ئاسمانیەکان ، کە پڕ بەدەمی ئەڵێ ..پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم خەواریجی نەکوشتوە بەڵکو وا حیسابی بۆ خەواریج کردوە کە لایەنێکی موعارەزەن لە دەوڵەتی پێغەمبەر ..

ئاگادار بن وەسفێکی خراپ ئەکەن ، ئاگادار بن حوکمێکی خراپ ئەدەن ، قور بەسەرتان چۆن بیر ئەکەنەوە ، سەیری ئەو فەرمودە بکەن کە ئیمام احمد و ابو يعلى تەخریجیان کردوە بە سەنەدێکی ڕاست : کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بەلای (ذوالخويصرة) تێپەڕی لە کاتێ لە سەجدەدابو هات بۆ لای هاوەڵەکانی فەرمووی : کێ ئەیکوژێ ؟

ئەبو بکر وتی من شمشێرەکەی دەرهێناو بەدەستی هەژاندی چو بۆلای بیکوژێ بینی لە سەجدەدایە گەڕایەوە وتی ئەی پێغەمبەری خوا چۆن کەسێک بکوژم لە سەجدەدایە . پاشان عمر چو وەک ئەوەی ئەبو بەکری کرد ڕەزای خوایان لێبێ پاشان علی هەڵسا پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم وتی تۆ بۆ ئەوەی ئەو بکوژی ئەگەر



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بیدۆزیەوە هات بۆلای نەیدۆزیەوە ، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمووی ئەگەر بکوژرابوایە لە ئوممەتی من دوکەس خیلاف نەئەکەوتە بەینیان .

وە علی بۆ ئەم کارە بو هەروەک پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم خەبەری پێدا ئەوەش لە ڕۆژی ( النهروان ) دەرکەوت لەبەر ئەوە علی ڕەزای خوای لێبێ لەناو کوژراوەکان بەدوای دادەگەڕا هەروەک پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم وەسفی کردبو بۆی دۆزیەوە هاوەڵەکانی پێغەمبەری خوای صلی الله علیه وسلم کردە شاهێد لەسەر ئەمە .

ئەو خەواریجانە دوبەشن : بەشێکیان هەڵخەڵەتێنراون گومڕاکراون بەناوی حەماسەتی دینی ، وە عاتیفەی شەرعی ، ئەوانە چارە سەریەکەیان مونازەرەو بەڵگەهێنانەوەیە بۆیان تا ئەو پەردەی لەسەر چاویانە لابردرێ ، وە بەشێکیان سورە لەسەر بیدعەکەی ، وە تاوانبارە بە تەئویلی ، لادەرە لەمەنهەجی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم ، ئەوە چارەسەریەکەی کوشتن و هەڵکێشانیەتی لە ڕەگەوە . بەڵام بزانن .. ئەوانە دەوڵەتیان بۆ دانامەزرێو دەسەڵاتیان نابێ بەسەر ئەهلی سوننەو جەماعەت وە هێزیان نابێ هەرکاتێ شاخێکیان بڕوێ شاخێکیان ئەبڕدرێ هەروەک هاتوە لەفەرمودەی (ابن عمر) لەسونەنی (ابـن ماجة) وە لە فەرمودەی (ابـي بـرزة ) لە بوخاریو موسلیم کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی : " **ينشأ نشأ يقرؤون القـرآن لا يجاوز حناجرهم كلما قطع منهم قرن - أي جيل - خرج قرن آخر حتى يخرج في أعراضهم الدجال – والعرض**: جەیشێکی گەوریەیە - یانی جەیشیان ئەبێ ، بەرامبەر کافرەکان نا درۆ ئەکەن سوێند بە پەروەردگاری دروستکراوەکان ، پێغەمبر صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: " **يقتلون أهل الاسلام ويدعون اهل الاوثان**" سەیر بکەن ئەی براکانم لە واقیعەکەیان ئەمڕۆ سەرکردەکانیان وە موفەکیرەکانیان وازیان هێناوە لە وڵاتی موسڵمانان وە ئەژین لە باوەشی کوفر لەلەندەن ئەژین ، هەموو سەرکردەتەکفیریەکانی جیهانی ئیسلامی بەریتانیا لە باوەشی گرتون لەوانەیە ناوی پیاوێکتان بیستبێ پێی ئەڵێن (ابو قتادة الفلسطيني) ئەوە لە وڵاتەکەی خۆمان چو بۆ پاکستان پاشان گەیشتە ئەفغانستان پاشان بۆ لەندەن وەک پەناهەندەیەکی سیاسی پاشان شەڕی ڕاگەیاند لە سەر ئیسلام و موسڵمانان وە بیری تەکفیری نارد بۆ وڵاتی موسڵمانان ، وە پاش ئەوەی تەقینەوەکان ڕوی دا لەلەندەن وڵاتی کوفر بڕیاری دا پەنا بەخوا کە تەسلیمی بکاتەوە بەڵام بە مەرجێک ئەزێت نەدرێ دادگایی نەکرێ لە سەر کردەوە ناشیرینەکەی ، کە وەڵامیان دەست نەکەوت بۆ ئەو مەرجانە لای خۆیان هێشتیانەوە .

والله ئەوانە ئەژین لە لەندەن لەسەر یارمەتی کۆمەڵایەتی پەناهەندە سیاسیەکان ، وازیان هێناوە لە وڵاتی ئیسلام و موسڵمانان وە ڕازی بون بەوەی بژین لەبەینی کوفرو کافرەکان پەنا بەخوای تبارک وتعالی

برایانی ئیسلام ئەوەیە حەقیقەت کە نەتانبیستوە وە نایبیستن لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئەوە ئەڵێم مەبەستیشیم بەوە ڕوی خوایە تبارک وتعالی ، بەڵکو سود وەربگرین ، بەڵکو ڕێگامان بناسین ، هیچ ڕێگایەکمان نیە تەنها بە گەڕانەوەمان بۆ کتابی خوا وە بۆ سوننەتی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم

**اسـأل الله عــز وجل باسمائه الحسنى وصفاته العلى أن يحفظ بلاد المسلمين جميعا وأن يحفظ بلدنا آمنا مطمئنا ، وأن يبعد عنا الـشر والفــتن والبلابل والقلاقل واسأل الله سبحانه أن يوفق حكام المسلمين لما يحب و يرضى وأن يريهم الحق حقا وأن يرزقهم اتــباعا وأن يــريهم الباطل باطلا وأن يرزقهم اجتنابه ، وأن يقيض لهم بطانة صالحة من العلماء الربانيين يأمرونهم بالمعروف وينهونهم عن المنكر ويكونون يدا لهم على كل خير وبر إنه ولي ذلك والقادر عليه**

**باوکی حارث کردیەتی بە کوردی**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com